سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێم پیرۆزبایی جەژنی قوربان دەکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێم، پیرۆزبایی هاتنی جەژنی قوربانی کرد و ڕایگەیاند، "بەبۆنەی جەژنی پیرۆزی قوربان، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەم، بە تایبەتی پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کەسوکار و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ئینفالکراوان".

وتیشی: ئومێدەوارم لە کۆشکی ئارام و شادیدا ڕۆژانی جەژن و پشوو بەسەر ببەن، بەو هیوایەی جەژن ببێتە مایەی تەبایی و لێبوردەیی و خێر و خۆشی و پێشکەوتنی زیاتری نیشتمانەکەمان و دەستبەربوونی ئاشتی و سەقامگیریی لە ناوچەکە و جیهان بە گشتی.